# حزبە دیموکراسیەکانی کوردستان,
# ئەوهێزانەن کەپەیڕەوی لەپڕەنسیپەکانی دیموکراسیەت ناکەن.

عومەرمحەمەد

نەك هەرلە کوردستان بەڵکو لەهەموو جیهاندا زۆربەی هەرە زۆری ئەوحزب وحکومەتانەی پروپاگەندەی باشترین سیستەمی دیموکراسی بۆخۆیان دەکەن, نەك هەر دیموکراسی نین, بگرە تاکرەو سەرکوتگەریشن, لەپاش پرۆسەی ریفراندۆم بۆ دەنگدان لەسەر ئەو دەستورەی لە عێراق وکوردستان, درەنگ وەختێك نمایشکراوکەمترین رێژەی خەڵك دەنگی پێدا, سەرئەنجامیش هەرپەسەندکرا!!! ئیدی ڕوی راستەقینەی هەموو ئەوهێزانەی خۆیان بە دیموکراسی ناوزەد دەکەن باشتر دەرکەوت, تادێت بێمتمانەیی بە پروپاگەندەکانیان بەرەوە هەورازتر دەچێ, چونکە خەڵکی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتاییەتی بەچاوی خۆیان دەبینن, ئەوانەی لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە پروپاگەندە بۆدیموکراسییەت دەکەن, هەرئەوهێزانەن کە پەیرەوی دیموکراسیەت ناکەن, حزبەکان داوای دیموکراسیەت لەخەڵك دەکەن بێئەوەی خۆیان دیموکراسی بن! بەتاییەتی بێمتمانەیی خەڵك بەم جۆرە حزبانە لە هەڵویستی سیاسی و رەفتاری ڕۆژانەیانەوە سەرچاوە دەگرێت, حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمرۆی کوردستان بابانگەشەی دیموکراسیش بکەن, بەڵام خۆیان بەمیراتگری دەسەڵاتی پێشوو دەزانن, هەربۆیەشە جگە لە پروپاگەندەی دیموکراسی ئامادەنین تەنانەت جل وبەرگی سەربازی ولیوای حرس جموریەکانیش فرێ بدەن, ئامادەنین دەستبەرداری ئەودەستەواژە دزێوانەش بن کەنەك لە کەلتوری بەعسەوە نزیکن, بگرە کت ومت دەستەواژە دزێوەکانی ئەون, بەپێچەوانەوە ئەگەرخەڵکیش هەنگاوێکی دیموکراسیانە بهاوێ ئەوا دەسەڵاتدارانی حزب ئەوهەنگاوە بەسنور بەزاندن دەزانن, هەروەك بینیمان کاردانەوەی ئەم حزب و حکومەتانە لەبەرانبەر خۆپیشاندانەکان چۆن بووە ! بینیمان نەفەسی دیموکراسییان بەرانبەرئەو کەسانە چۆن بوو کەموچەخۆری حکومەت بوون ونەچووبون بۆدەنگدان؟ بینیمان چۆن بێسلکردنەوە لە پروپاگەندەکانی دیموکراسی, بەبڕیارێکی نایاسایی ونادیموکراسییانە وەزیری رۆشنبیری لەپۆستەکەی لادەبەن! ئەمەش لەبەر ئەوە نا, کە وەزیر خەریکی مشەخۆری وگەندەڵی بووبێت, بەڵکو لە بەر ئەوەی پەنجەی بەڵێ لە قوتووی مەرەکەبی دەستورێك نەناوە, کە ئەمڕۆ لە بەرژەوەندی حزبە, نەك هی کۆمەڵگە, دەستورێك, بێ ئەوەی هیچ زەمانێکی بۆ چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستان تێدابێ! ئەمە لە کاتێکدایە دەنگدان یان دەنگ نەدان یەکێکە لە مافە دیموکراسیەکان, ئەم بڕیارە شەفەوییەی حکومەت لەبەرانبەر وەزیری رۆشنبیری تەنها ئیجرائاتێکی رووت( مجرد )نی یە, بەڵکو پەیامێکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە جۆرێك لەجۆرەکان موچەخۆری حزب وحکومەتن, ئیشارەتێکی سورە بۆ هەموو وەزیرو گزیرەکان وئەوانەی بەم یان بەو شێوەیە لەحزب وحکومەت سودمەندن, پێیان دەلێت :( ناشێت هەڵویستێکی جیاوازتان لەحزب هەبێت وناشێت بڕیارەکانی حزب وحکومەت پێشێل بکەن وبچنە سەنگەری خەڵکەوە ) حکومەتێکی وادیموکراسی! دەیەوێت بێپەردە بەموچەخۆرەکانی خۆی بلێت, منی (حکومەتیش ..!) وەك ئێوە کارمەندێکی حزبم وهەرگیزمافی ئەوەمان نیە لەقسەی مەکتەبی سیاسی حزب دەرچین, کەی حزب ویستی لەپۆستێك داتدەمەزرێنیٚ وکەی ویستی وەلات دەنێ. لێرە ئەوەی زیاتر ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنی هەڵویستی حزبەکەی وەزیری رۆشنبیری یە, تەنانەت ئەو بەقەد رۆژنامەیەکی ئازاد نەیتوانی لەسەر کاندیدەکەی خۆی بەدەنگ بێت!! بۆچی لەبەر ئەوەی ئەویش موچەخۆرێکە لە موچەخۆرەکان, ئەویش یەکێکە لەوگروپانەی تەنها لایەنگری دیموکراسیە نەك دیموکراسی بێت, یەکێکە لەو هێزانەی دەیەوێت خەڵك تەنها باس لە دیموکراسیەت بکەن نەك مومارەسەی دیموکراسیەت بکەن, ئەمیش موچەخۆری حزبە گەورەکانە ولایەنگری حکومەتە نەك خەڵك, لەراستیشدا ئەگەر ئەمە حاڵی حکومەت نەبوایە بەدەست حزبەوە, کارمەندوکارگوزارو موچەخۆرە کانیشی ئەوە حاڵیان نەدەبوو بەدەست حکومەتەوە, دەناخۆ هەڵوێستی وەزیری رۆشنبیری فتوایەك نەبوو باری دیموکراسی لاربکات, ئەو

مافێکیخۆی مومارەسە کردووەوهیچی تر, لەسیستمی دیموکراسیدا دەنگدانودەنگ نەدان مافە نەك ئەرك, گوناهی وەزیری ڕۆشنبیریش هەر ئەوەندەبووە کەوەکو زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە نەچووەتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان, یان چووەوبەنەخێر دەنگی داوە, دەستورێکی ڕەتکردووەتەوەکە بەعەقڵی ئەودا نەچووە خێرێك بۆئایندەی کۆمەڵگا بداتەوە, ئەمەش تاوانێك نیە, بەڵکو مافێکی زۆر سەرەتایی خۆیەتی, بەڵام حکومەت ئەمە بەسنور بەزاندن دەزانێوبەشێوەیەکی نادیموکراسیانەوبە نایاسایی ئەم مافە لە موچەخۆرەکانی زەوت دەکات, جائەو موچەخۆرانە لە هەرپلەومەقامێکدابن, دەنا حزبە دەسەڵاتدارەکان لە هەموومان باشتر ئەو ڕاستییە دەزانن کە دەستور بەشێوەیەکی گشتی مایەی ڕەزامەندی خەڵکی عێراق نەبوو, هەربۆیەش پێشوازییەکی ئەووتۆی لێنەکرا. ئەوان دەزانن تەنها کەمینەیەکی کەم نەبوون کە دەستورییان ڕەتکردۆتەوە.

سەیر لەوەدایە نوێنەری حزبە دەسەڵاتدارەکان کە خۆیان بەنوێنەری خەڵکی کوردستانیش دەزانن؛ بە خۆگیف کردنەوەیەکی زۆرەوە بەرەو بەغدا ڕۆیشتن, بەڵام لەوسەرەوە بەدەستی بەتاڵەوە گەڕانەوە!؛ ئەم بەرێزانە لەبری ئەوەی بێن بەخۆیاندا بچنەوەوریز لەکاردانەوەی جەماوەر بگرنوچاوێك بە هەڵوێستی دووفاقی خۆیاندا بخشێننەوە, کەچی ئێستاشی لەگەڵ بێت, لەکەلی شەیتان نایەنە خوارەوەودەیانەوێت بەزۆری زۆرداری خەڵکی کوردستانیش لە هەڵەیەکی مێژوویی خۆیان بەشداربکەن, بەوحاڵەشەوە ئەوان لەجاران زیاتر پروپاگەندەیان بۆدەستورەکەکرد, نەك هەرئەوەندە بەڵکو کارگەیشتە ئەوەی ناوی سەیروسەمەرە لەوخەڵکانەش بنێن کە دڵساردن بەرانبەر بەدەستور, ئەو دەستورەی نوێنەرەکانیش؛ بڕیاربوو بەم شێوەیە پێی ڕازی نەبن؛ کەچی دەتوانن بێن ناوو ناتۆرەی سەیرو عەنتیکە لە هەگبە کۆنەکەی بەعس دەربهێنەوەو بڵێن: ئەوانەی دەنگ بەدەستور نادەن, یان دەنگ دەدەنونەخێر هەڵدەبژێرن, ئەوانە خەڵکی خائینوتێنە گەیشتوون, لەڕاستیدا وەها کلتورێك, نامۆیە بە دیموکراسی ڕەفتاری کۆمەڵگەیەکی کراوە, هەربۆیە لەسەرەتاوە ناچارن لەموچە خۆرەکانی خۆیانەوە دەست پێبکەنوهەڕەشەی نانبڕینودەرکردن لەو کەسانەش بکەن, کە بەم یان بەوشێوەیە موچەخۆری حزبو حکومەتنودەنگییان بەدەستورێك نەداوە کەحزب پەسەندی کردووە نەك خەڵك, لەبەرژەوەندی بەرپرسەباڵاکانی حزبە نەك کۆمەڵگای دیموکراسی.